# اثر استراتيجية البطاقات المروحية في تحصيل مادة القراءة الكردية الحديثة لدى طلاب الصف الرابع الاعدادي

م.م. قيصر حسن هاشم
kaesrhusssen1993@gmail.com
جامعة ميسان

**الملخص**

يرمي البحث الحالي إلى معرفة (أثر استراتيجية البطاقات المروحية في تحصيل مادة القراءة الكردية الحديثة عند طلاب الصف الرابع الاعدادي ) ولتحقق من هدف البحث تم صياغة الفرضية الصفرية الآتية:

ليس هناك فرق ذو دلالة إحصائية عند مستوى دلالة (٠,٠٥) بين متوسط درجات طلاب المجموعة التجريبية الذين يدرسوامادة القراءة الكردية الحديثة وفق استراتيجية البطاقات المروحية و متوسط درجات طلاب المجموعة الضابطة الذين يدرسوا المادة نفسها وفق الطريقة الاعتيادية في اختبار التحصيل .

وتمثل مجتمع البحث الحالي بطلاب الصف الرابع الاعدادي /الفرع العلمي في المدارس الثانوية والاعدادية الحكومية النهارية التابعة للمديرية العامة لتربية /الكرخ الثانية , للعام الدراسي (٢٠٢٤م – ٢٠٢٥م) وتم اختيار اعدادية (الجولان) للبنين قصديا ، واختيرت الشعبتين ( أ –ب) عشوائيا لتمثل شعبة (أ) المجموعة التجريبية البالغ عددها (٣١) طالب والتي درست وفق استراتيجيةالبطاقات المروحية ، وشعبة (ب) لتمثل المجموعة الضابطة البالغ عددها (٣٠) طالب والتي درست وفق الطريقة الاعتيادية، وبعد تحديد المادة العلمية صاغ الباحث الاهداف السلوكية للموضوعات فبلغ عددها (٧٧) هدفا سلوكيا ، موزعة على المستويات الثلاثة الأولى للمجال المعرفي لتصنيف بلوم (معرفة، فهم، تطبيق )، ، وللتحقق من هدفا البحث اعد الباحث اداه واحده موضوعة متمثلة باختبار تحصيل مادة القراءة الكردية الحديثة مؤلف من (٣٠) فقرة ، من نوع (الاختيار من متعدد) وتم التحقق من صدق الأداة واستخراج ثباتها.

ومن ثم تم معالجة البيانات احصائيا باستعمال الاختبار التائي ( t–test) لعينتين مستقلتين ، اسفرت نتائج الدراسة الى تفوق طلاب المجموعة التجريبية الذين درسوامادة القراءةالكردية على وفق استراتيجية البطاقات المروحية على طلاب المجموعة الضابطة الذبن درسوا المادة نفسها وفق الطريقة الاعتيادية في متغير التحصيل ، وفي ضوء ذلك يوصي الباحث باستعمال

استراتيجية البطاقات المروحية في تدريس مادة القراءة الكردية الحديثة ، ويقترح الباحث اجراء دراسات اخرى في متغيرات تابعة اخرى مثل ( الاتجاة،الدافعية ، الميل) ...وغيرها

**الكلمات المفتاحية:أثر ،ستراتيجية ،البطاقات المروحية،التحصيل،القراءة الكردية الحديثة.**

## The effect of the fan cards strategy on the achievement of modern Kurdish reading material among fourth-grade middle school stu

**Qaisar Hussein Hashem**

**University of Maysan**

**Abstract**

The current research aims to investigate the impact of the helicopter card strategy on the achievement of modern Kurdish reading among fourth-grade middle school students. To achieve this goal, the following null hypothesis was formulated: 1. There is no statistically significant difference at a significance level of (0.05) between the average scores of students in the experimental group who studied modern Kurdish reading using the helicopter card strategy and the average scores of students in the control group who studied the same subject using the traditional method on the achievement test. The current research community is represented by fourth-grade preparatory students / science branch in government daytime secondary and preparatory schools affiliated with the General Directorate of Education / Al-Karkh II, for the academic year (2024-2025 AD). Al-Jolan Preparatory School for Boys was chosen intentionally, and the two sections (A - B) were chosen randomly so that Section (A) represents the experimental group, numbering (31) students, which studied according to the helicopter cards strategy, and Section (B) represents the control group, numbering (30) students, which studied according to the traditional method. The two research groups were rewarded in a number of variable. After determining the scientific material, the researcher formulated the behavioral objectives for the topics, and their number reached (77) behavioral objectives, distributed over the first

three levels of the cognitive field of Bloom's classification (knowledge, understanding, application). To verify theTo achieve the research objectives, the researcher prepared a single instrument, represented by a modern Kurdish reading achievement test consisting of (30) multiple-choice items. The validity of the instrument was verified and its reliability was determined.The data were then statistically processed using a t-test for two independent samples. The results of the study showed that the experimental group students who studied Kurdish reading according to the flashcard strategy outperformed the control group students who studied the same material according to the traditional method in the achievement variable. In light of this, the researcher recommends the use of the flashcard strategy in teaching modern Kurdish reading. He also suggests conducting further studies on other dependent variables such as attitude, motivation, inclination, etc

**Keywords: impact, strategy, flash cards, achievement, modern Kurdish reading.**

## کاریگەری ستراتیژیەتی کارتە فڕیووەکان لەسەر دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوەی نوێی کوردی لای فێرخوازانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی

**م .ي قەیسەرحوسێن هاشم**

**زانكووي مە يسان**

**پوختەی توێژینەوە**

ئامانجی ئەم توێژینەوهیە بریتیە لە زانینی(کاریگەری ستراتیژیەتی کارتە فڕیووەکان لەسەر دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوەی نوێی کوردی لای فێرخوازانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی) بۆ لێکۆڵینەوە لە ئامانجی توێژینەوەکە، ئەم گریمانە سفریەی دارشتووە:جیاوازی ئاماژەپێکراوی ئاماری لە ئاستی بەڵگەی (٠.٠٥) لە نێوان ناوەندی نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی نییە، کە بابەتی خوێندنەوەی نوێی کوردیبە پێی ستراتیجیەتی کارتە فڕیووەکانپێی وتوونە، لەگەڵ ناوەندی نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتیان بەپێی ڕێگای ئاسایی پێ وتوونە، لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت.

کۆمەڵگەی توێژینەوەی ئێستا خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی لە خوێندنگەی دواناوەندی و ئامادەیی حکومی بەیانیانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی/ کەرخی دووە م بۆ ساڵی

خوێندنی (٢٠٢٥) دەنوێنێت، ئامادەیی (الجولان) بۆ کوڕان به مەبەست هەڵبژێردراوە، دوو هۆبەی (ئـ – ب) بە هەڕەمەکی هەڵبژێردراوە، بۆئەوەی هۆبەی (ئـ) کۆمەڵەی ئەزموونی بنوێنێت ژمارەیان (٣١) خوێندکار، کە بەپێی ستراتیجیەتی کارتە فڕیووەکان وانەی پێ وتوونە، هەروەها هۆبەی (ب) بۆ نواندنی کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو ژمارەیان گەیشتووە بە (٣٠) خوێندکار کە بە پێی ڕێگای ئاسایی وانەی پێ وتوونە، ، هەروەها دوای دیاریکردنی بابەتی زانستی، توێژەر ئامانجی ڕەفتاری بۆ بابەتەکان داڕشتووە، ژمارەیان گەیشتووە بە (٧٧) ئامانجی ڕەفتاری، دابەشی کردووە لەسەر سێ ئاستی یەکەمی بواری مەعریفی بۆ پۆلێنکردنی بلووم (زانین، تێگەیشتن، جێبەجێکردن)، توێژەر ئامرازی بابەتی ئامادەکردووە، یەکەمیان تاقیکردنەوەی دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوەی نوێی کوردی، لە (٣٠) برگە پێکهاتووە، لە جۆری (تاقیکردنەوە لە جۆرەهاپێکهاتووە لە ، لێکۆڵینەوەی لە ڕاستگۆی ئامراز کردووە، جێگیری دەرهێناون، هەروەها تایبەتمەندی سایکۆمتری بۆ دەرهێناون.

دواتر چارەسەری ئاماری داتاکانی کردووە، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی(t-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، ئەنجامی توێژینەوەکە سەرکەوتنی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بابەتی ڕێزمانی کوردییان بە پێی ستراتیجیەتی کارتە فڕیووەکانپێی وتوونە بەسەر خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو خستووەتە ڕوو، توێژەر ئامۆژگاری بە بەکارهێنانی ستراتیجی کارتە فڕیووەکانلە وتنەوەی ڕێزمانی کوردی دەکات، هەروەها پێشنیاری ئەنجامدانی توێژینەوەی دیکە دەکات لە گۆڕاوی پشت بەست دیکە، وەکو (پاڵنەری، مەیل) ... هی دیکە.

وشه ي كليلي(کاریگەری،ستراتیژ، کارتە فڕیووەکان، دەستکەوتی،بابەتی خوێندنەوەی نوێی کوردی.

**بەشی یەکەم:یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:**لەگەڵئەوپێشکەوتنە زانستییەی ئەمڕۆ دەیبینین، بەڵام کێشەی خوێندنی ڕێزمان تاکو ئەمڕۆمان بەردەوامی هەیە، زمانی کوردیش وەکو زمانەکانی دیکە، گرانی و ئاستەنگی خۆی هەیە، ڕووبەڕووی ئەوانە دەبێتەوە کە قسەی پێ ناکەن، بە تایبەتی لە بابەتی ڕێزمانی کوردی، لەگەڵ پێشکەوتنی کۆششی پەیوەست بە فێرکردنی زمانی کوردی، بەڵام خوێندکاران لاوازن لە ڕێزمانی کوردی، لە ڕاستیدا بە کرداری دەبینین، وتنەوەی توشی چەقبەستوویی و مەلەل بووە.

توێژەر لە ماوەی ئەزموونە ڕوونەکەی لە بواری وانەوتنەوە، وایدەبینێت بەشی گەورەی کێشەکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێگای وانەوتنەوەی پەیڕەوکراو، کە پشت بە ئەزبەرکردن و تەلقین بە پلەی یەکەم دەبەستێت، هەروەها پەیوەندی بە ئامادەکردنی مامۆستایانی زمانی کوردی و گرانی بابەتی خوێندنەوە هەیە، لە ڕێگای ئەو چاوپێکەوتنانەی توێژەر لەگەڵ مامۆستایان ئەنجامی داوە، زۆربەی مامۆستایان جەختییان لەسەر کردووە.

له ماوەی ئەوانە توێژەر بینی کێشەکە ڕیشەییە، ئەوە پاڵینا ڕاپرسی بەدواداچوون به (٢٠) مامۆستا له مامۆستایانی بابەتی زمانی کوردی بدات، له خوێندنگەی ئامادەیی و دواناوەندیسەر به بەڕێوەبەرایەتیپەروەردەیپارێزگای/ بەغداد، پرسیارەکانبەوشێوەیە بوون:

١- ئەو ستراتیجە و ڕێگایانە کامەیە لە وتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوی پشتی پێ دەبەستیت؟

٢- ئایا ستراتیجی فێربوونی چالاك وتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوی بەکاردەهێنێت؟

دوای کۆکردنەوەی وەڵامەکانی ڕاپرسییەکە، ئەنجامەکە بەوشێوەیە بوو:

ڕێژەی (٩٠%) له مامۆستایانی بابەتەکە ڕێگای ئاسایی لە وانەوتنەوە لەگەڵ هەلۆیستە جیاوازەکانی فێرکردنبەکاردەهێنن،وڕێژەی (٩٥%) له مامۆستایانی بابەتەکە، بیرۆکەیان سەبارەت زانینی ستراتیجی فێربوونی چالاك و چۆنیەتی دانانی لە کاتی وتنەوەی بابەتەکە نییە.

له ئەنجامی ڕاپرسی بەدواداچوونی سەرەوە بۆتوێژەردەرکەوت، گەورەترین نموونە لە مامۆستایان، جەختیانلەوە کردووە، دابەزین لە ئاستی دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی چوارمی ئامادەیی لە بابەتی خوێندنەوەی نوێی، زۆر لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانجەختیانلەوە کردووە، کە پسپۆڕان لە ڕێگا نیوانەوتنەوەی زمانی کوردی ئەنجامیانداوە،وەکوتوێژینەوەی (احمد,٢٠٢٢) و توێژینەوەی (عبید , ٢٠٢١) و توێژینەوەی (احمد,٢٠٢٣)، سەرجەمیان جەختیان لەوە کردووە، گرانی بابەتی ڕێزمانی کوردی لای ئەو خوێندکارانەیە کە پێشکەشیان دەکەن، ئاستەنگی تێگەیشتن و چێژبینین و گیانی داهێنان و چێژبینینی لاواز کردوونە، لەبەرئەوە توێژەر ستراتیجی وانەوتنەوەی نوێی تاقیکردووەتەوە، ئەویش ستراتیجی (کارتە فڕیووەکان)، بەوشێوەیە کێشەی توێژینەوە خۆی لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە دەنوێنێت:

ئایا ستراتیجیەتیکارتە فڕیووەکانکاریگەری لە دەستکەوت بابەتی خوێندنەوەی نوێیخوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی هەیە؟

**دەووم: گرنگی توێژینەوەکە:**جیهان تەقینەوەی مەعریفی و شۆڕشی تەکنیکی بەخۆیەوە بینیوە، کە ئەمڕۆ بە شێواز و ئامرازی جیاواز لە نێویدا دەژین، گرنگی و بایەخەکەی تەنها لەسەر ڕەفتاری خوێندکاران کورت نەبووەتەوە، بەڵکو ڕۆڵی کارا و کاریگەری لە زیادبوونی زانیاری و خێرایی پێگەیشتن و بەرزکردنەوەی ئاستی توانا و بەردەوامی هەیە،تەنها لەسەر پێدانی زانیاری و ڕاستی و چەمکەکان بە خوێندکاران کورت نابێتەوە، بەڵکو ڕۆڵی ئەرێنی لە وشیارکردنەوەی خوێندکاران و هەوڵی دۆزینەوە و گەیشتن بە ڕاستییەکان هەیە،ئامانجی بنەڕەتی پەروەردە بریتییە لە بونیادنانی کەسایەتی خوێندکار، بە تەواوی و هاوسەنگی لە سەرجەم لایەنە جیاوازەکان، (الشجیري والزهیري, ٢٠٢٢, ل. ١٩)و(البیاتي, ٢٠١٦, ل. ٢٥).

توێژەر وایدەبینێت، پەروەردە بە بەردەوامی ڕۆڵی گرنگی لە پاراستنی کلتووری کۆمەڵگەی ڕۆشنبیری دەبینێت، هەروەها لە پاراستنی ناسنامەی تاك و کەسایەتییەکەی، کە لە کاروانی مێژوو پێکهاتووە، کلتووری کۆمەڵگە میراتی شارستانییە، لە خونەریت و بەهای ڕەوشتی پێکهاتووە، کە گرنگی بە یارمەتیدانی مرۆڤ دەدات و دەیگەیەنێت بە بەرزترین ئاست لە کۆمەڵگە و زیادکردنی دەستکەوتی مەعریفی و پەروەردەیی،و پەروەردە ناتوانێت ئامانجەکانی لە کۆمەڵگە بەدیبهێنێت، تەنها بە هۆی پەیوەندیکردنەوە نەبێت، ئەویش زمانە، کە ئامرازێکی بنەڕەتییە.

هەروەها زمان بەخشینێکە لە بەخشینەکانی خودا، کە بە مرۆڤی بەخشیوە، هەروەها ئایەتێکە لە ئایەتەکانی، لەبەرئەوە زمان نایابترین شتێکە خودا بە مرۆڤی بەخشیوە، هەروەها زمان جەوهەری مرۆڤ و دیاردەیەکە لە دیاردەکانی ئەقڵ و دەستپێکی هزرە،زمانی مرۆڤ ئەو بنەڕەتەیە کە ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەسەر دادەمەزرێت، (العبيدي ،٢٠١٥، ل. ١٩).

توێژەر وایدەبینێت، زمان ئامرازی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانە، هەروەها زمان ئامرازی گوزارشتکردن و ئاخاوتنە، لە ڕێگایەوە دەتوانین گوزارشت لە هەستی مرۆڤانەمان بکەین، هەروەها ئامرازی تاکە بۆ جێبەجیکردنی پێداویستییەکانی.

زمانی کوردی وەکو زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان بە قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە، لە سەردەمە مێژووییە جیاوازەکاندا بەرهەمی ئایینی،بازرگانی، سیاسی، ئەدەبی و... پێ تۆمارکراوە، کەواتە زمان پێناسەی نەتەوەیە و بوونی نەتەوە دەسەلمێنێت،. (حەسەن ,٢٠١٩ , ل. ٤٣٩)و(شوانی،٢٠٠٨,ل. ٤٤).

توێژەروایدەبینێترێسایرێزمانیلقێکەلەلقەکانیزمان،هەروەهاناتوانینلەزمانبڕوانینبەبێڕوانینلەڕێزمانەکەی،لەڕێگایەوەدەتوانینبەشێوەیەکیڕاستودروستبخوێنینەوەوقسەبکەینوبنووسین،ڕێزمانپێویستەوفەرامۆشناکرێت.

لە پێناوی بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی دەزگای فێرکردن لە وتنەوەی لقەکانی زمانی کوردی بە گشتی هەوڵی بۆ دەدات، هەروەها ڕێساکانی بە تایبەتی، دەبێت جەخت بکرێت و گرنگی بە ڕێگا و ستراتیجییەکانی وانەوتنەوە بدرێت،ئەو پرسە پێویستی بە کاروانی بەردەوام هەیە، کە خۆی لە ستراتیجییەکانی وانەوتنەوەی بەتوانا لەسەر بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە دەبینێتەوە (الموسوي, ٢٠٠٥, ل. ١٦).

لەبەرئەوە ستراتیجی وانەوتنەوە دەرکەوت، بەشداری زۆری لە پرۆسەی فێرکردن کردووە، ئەو ستراتیجانە پشت بە تیۆری بونیادی دەبەستن، چەندین لە پەروەردەکاران وایدەبینن، ئەو ستراتیجیانەی لەسەر تیۆری بونیاد دانراون، زۆر جۆراوجۆر و داهێنەران لە پەروەردە، کە وانەوتنەوە پێویستی پێیەتی لە پێناوی تێگەیشتن، هەروەها گرنگیدانی خوێندکاران و سەرنجیان

زیاد دەكات، هەروەها متمانە لە نێوان خوێندكاران و مامۆستایان زیاد دەكات، هاوكات دەستكەوتی خوێندكار زیاد دەكات (رزوقي واخرون, ٢٠١٣, ل. ١) (اليماني, ٢٠٠٩, ل. ٤٦). لەو ستراتیجە گرنگانەی فێربوونی چالاك، ستراتیجیەتی (كارتە فڕیووەكان)، كە بە ستراتیجە نوێیەكان لە وانەوتنەوە دادەنرێت ، كە كاریگەری ئەرێنی لە ناو پۆل دەبێت، پێناسەی خوێندكار بە بەشداربووی چالاك و كارا لە پرۆسەی فێركردن دەكات، بەڵام رۆڵی مامۆستا ئاراستەكردن و ڕێنمایی و ئاسانكارە بۆ فێركردن، لەبەرئەوە ستراتیجیەتی فێربوونی چالاك(الشربيني والطنطاوي,٢٠١١, ل. ٧٢).

دەستكەوت دیارترین ئاماژەیە لەسەر پرۆسەی فێركردن، مەرجێكی گرنگ و بنەڕەتییەهەروەها دەستكەوت بە هەموو شێوە و رەنگەكانی بە ئامانجی پەروەردە و فێركردن دادەنرێت، بە ڕوانین لە گرنگی پەروەردە لە ژیانی خوێندكار، لە بواری پەروەردە دەستكەوت تاكە پێوەرە كە بەپێ ئەو پێوەرە خوێندكار لە خوێندن پێشدەكەوێت و لە پۆلێكی فێركردن دەگوازرێتەوە بۆ پۆلێكی دیكە، هەروەها لەسەر پسپۆرییە جیاوازەكانی فێركردن دابەشدەكرێن یان لە كۆلێژ و زانكۆكان وەردەگیرێن (المشهداني, ٢٠١٠, ل. ٣٨)و (تونسية, ٢٠١٢, ل. ١٠٨).

توێژەر وایدەبینێت دەستكەوتی خوێندن گرنگە، خۆی لەو مەعریفەیە دەبینێتەوە كە لە ئامانجی دانراوی پێشوەختە لە ڕێگای دۆزینەوەی توانای مەعریفی خوێندكار دەدۆزێتەوە، هەروەها ڕاستی توانا و كارامەییان و توانستیان لەسەر ڕادەی ئاسایی دەناسێت.

سێیەم: ئامانجی توێژینەوەكە:ئامانجی توێژینەوەكە زانینی كاریگەری ستراتیجیەتی كارتە فڕیووەكان لەسەر دەستكەوت بابەتی خوێندنەوەی نوێی لەخوێندكاری پۆلی چوارمی ئامادەیی.

**چوارەم: گریمانەكانی توێژینەوەكە:** توێژەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەكە، ئەم گریمانە سفریەی داڕشتووە:

جیاوازی ئاماژەپێكراوی ئاماری لە ئاستی خەمڵاندن (٠.٠٥) لە نێوان ناوەندی نمرەی خوێندكارانی كۆمەڵەی ئەزموونی نییە، كە بابەتی خوێندنەوەی نوێیكوردییان بە پێی ستراتیجیەتی **كارتە فڕیووەكان**دەخوێنن، هەروەها لە ناوەندی نمرەی خوێندكارانی كۆمەڵەی كۆنترۆڵكراو نییە، كە هەمان بابەتیان بەپێی ڕێگای ئاسایی دەخوێنن لە تاقیكردنەوەی دەستكەوت.

**پێنجەم: سنووری توێژینەوەكە:**

١- سنووریمرۆڤایەتی. ٢- سنووری شوێنی. ٣- سنووری زانستی.

**شەشەم: دیاریكردنی زاراوەكان:یەكەم/ كاریگەریی:-** لە ڕووی زاروەیی هەریەك لەمانە پێناسەیان كردووە:-

١- عامر(٢٠٠٦): بریتییە لە "هەر گۆڕانێكی نەرێنی یان ئەرێنی كار لە پرۆژەیەك بكات لە ئەنجامی پەیڕەوكردنی هەر چالاكییەكی پەرەپێدان"(عامر، ٢٠٠٦، ل. ٩).

٢-زاير وداخل (٢٠١٦): بریتییە لە "توانا بەدیهێنانی ئەنجامی جێگیر کە دەیەوێت بەدیبهێنێت یان چاودێریکردنی بەرهەمداره لەسەر ئەقڵی پشکنێنراو بە پێی نەخشەکە یان ڕێگای پەیرەوکراو یان ئەو فاکتەرەی کە کاریگەری لە بەدیهێنانی ئەنجام دەبێت" (زاير وداخل, ٢٠١٦, ل. ٢٤٩).

پێناسەی ڕێکاری بۆ کاریگەریی: بڕی ئەو گۆڕانەیە کە ستراتیجیەتی **کارتە فڕیووەکان**لە دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی **چوارەمی** ئامادەیی دوای تەواوکردنی ئەزموونەکە دەیکات بە پێوەری نمرەیی.

**دووەم: ستراتیجییەت**:-لە ڕووی زاراوەیی هەریەك لەمانە پێناسەیان کردووە:

١- الساعدي (٢٠٢٠): بریتییە لە "پلانەی کە مامۆستا بەکاریدەهێنێت بۆئەوەی بتوانێت ئامانجەکە بەدیبهێنێت" (الساعدي, ٢٠٢٠, ل. ٥).

٢- الساعدی آخرون (٢٠٢١): بریتییە لە "پرۆگرامی کاری بابەتی بۆ بەدیهێنانی ئامانجی فراوان بابەتە فراوانەکانی فێرکردن دەگرێتەوە" (الساعدي وآخرون, ٢٠٢١, ل. ١٥٤).

**سێیەم: دەستکەوت**:لە ڕووی زاراوەیی هەیەك لەمانە پێناسەیان کردووە:-

١-الفاخري (٢٠١٨): بریتییە لە "ڕادەی وەرگرتنی خوێندکاران لەوەی فێربوونی شارەزایی و کارامەیی لە بابەتی خوێندنی دیاریکراو، کە خۆی لەو نمرانە دەبینێتەوە کە خوێندکاران لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی کۆتایی لەلایەن مامۆستا دەستیانکەوتووە" (الفاخري, ٢٠١٨, ل. ٥٧).

٢- الساعدي (٢٠٢٠): بریتییە لە" ئەنجامی کۆتایی کە ئاستی خوێندکار و نمرەی پێشکەوتنی لە فێربوون کە پێشبینی دەکرێت فێری ببێت دەردەکەوێت" (الساعدي, ٢٠٢٠، ل. ١٨).

پێناسەی ڕێکاری بۆ دەستکەوت: بریتییە لە کۆی ئەو زانیاری و شارەزایانەی خوێندکارانی پۆلیچوارەمیئامادەیی لە بابەتی خوێندنەوەی نوێی کوردیدەستییان کەوتووە، بە پێوەری نمرەکانی لە ڕێگای تاقیکردنەوەی دەستکەوت کە توێژەر پێشوەختە ئامادی کردووە.

**چوارەم/ کارتە فڕیووەکان:** (أمبوسعیدي وهدی،٢٠١٦) پێناسەی کردووە: بریتییە لە "کۆمەڵێك ڕێگای وانەوتنەوەی دیاریکراو بە سێ هەنگاوی دیارکراو، مامۆستا لە هەڵوێستی فێرکردن پەیڕەویان دەکات، هەروەها لەسەر بنەمای دیاریکردنی چەمك و شیکارکردنی و فێربوون و پێوانەی بەدەستهێنان دادەمەزرێت، ئامانجی ڕەخساندنی ژینگەی فێرکردنی چێژبەخش و سەرنجڕاکێشە (أمبوسعیدي وهدی،٢٠١٦،ل٨٢).

پێناسەی ڕێکاری بۆ ستراتیجییەت **کارتە فڕیووەکان:** ستراتیجی فێرکردنە سەر بە فێربوونی چالاکە، توێژەر لەگەڵ خوێندکارانی پۆلیچوارەمي زانستی (کۆمەڵەی ئەزموونی) بەکاریهێناوە.

**پێنجەم/ خوێندنەوەی نوێی کوردی**:لە ڕووی زاراوەیی هەریەك لەمانە پێناسەیان کردووە:-

١- عطا (٢٠٠٦) بریتییە لە: " پێکهاتەی بنەڕەتی لەسەر بڕیاری تەواو و یارمەتی خوێندکار لەسەر جیاکاری نێوان پێکهاتەی ڕاست و لادان دەدات" (عطا, ٢٠٠٦, ل. ٢٦٨).

٢- الدليمي والوائلي (٢٠١٥): بریتییە لە " ڕێساری ڕێزمانی لە قسەکردن بەکاریدەهێنین، بۆ ڕوونکردنەوەی واتا، ئەگەر ئەو ڕێسا ڕێزمانیانە نەبێت، ناتوانین لەو واتایانە تێبگەین لە قسەکردندا هەیە" (الدليمي والوائلي, ٢٠١٥, ل. ٤٣).

پێناسەی ڕێکاری بۆ **خوێندنەوەی نوێی کوردی:** ئەو بابەتە ڕێزمانی و وشەسازیانەیە کە کتێبیخوێندنەوە و ئەدەبیکوردیبڕیاردراوبۆوتنەوەی بە خوێندکارانیپۆلی**چوارەمی**ئامادەییلەخۆیدەگرێت.

**شەشەم/ پۆلی چوارەمی ئامادەیی:** پۆلی یە کە م لە پۆلەکانی قۆناغی ئامادەیی کە دەکەوێتە نێوان قۆناغی خوێندنی ناوەندی و خوێندنی زانکۆ، هەروەها ئەرکی ئەو قۆناغە ئامادەکردنی خوێندکارانە بۆ قۆناغی خوێندنی بەرز، کە قۆناغی زانکۆییە. (وزارة التربية, ٢٠١٣,ل.٥٤).

**بەشی دووەم: لایەنە تیۆرییەکان: تیۆری بونیادی:**ڕیشەیمێژوویبۆسەرهەڵدانیتیۆریبونیادیدرێژدەبێتەوە بۆسەردەمیسۆکرات، بەڵام لە داڕشتنیئێستالەبەرڕۆشناییتیۆرەکان و زۆربیرۆکەیبیرمەنداندرەوشایەوە، وەکوئۆزۆبیل (Ausubel)، پیاژێ (Piaget)، بیرمەندانی دیکە (ابراهيم, ٢٠٠٩, ل. ٦٨)، هەروەها گرنگی دانانی بەردی بناغەی دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی بونیادی و دامەزرێنەرەکەی لە سەردەمی نوێ و توێژینەوەکانی (پیاژێ)، لە دیدی پیاژێ چالاکییەکانی خوێندکار پایەی بنەڕەتی فێربوونە،هەروەها بەشداریکردنی لە پرۆسەی فێرکردن لە ڕەفتارە دیارەکانە، دەرفەتی گونجاو بە خوێندکاران بدەن، لە پرسی پەرەپێدانی بونیادی مەعریفییان (زيتون، ٢٠٠٠، ل. ٢٨٣).

تیۆری بونیادی بە یەکێك لە تیۆرەکانی دەروونزانی دادەنرێت، لەو تیۆرانەیە جەخت دەکاتەیە سەر بونیادی مەعریفەی تاك لە ڕێگای ئەو زانیاری و مەعریفە و شارەزایانەی پێشوو لە یاردەوەری هەڵیاندەگرێت، هەروەها تیۆری بونیادی گرنگی بە پرۆسە مەعریفییە ناخەکییەکانی خوێندکاران دەدات، یان ئەوەی لە ناو ئەقڵی خوێندکار دەگوزەرێت، کاتێك ڕووبەڕووی هەڵوێستی فێرکردن دەبێتەوەهەروەها تیۆری بونیادی مێژوویەکی درێژی هەیە(الخفاجي, ٢٠٢١, ل. ٢٥٩)و (العدوان واحمد, ٢٠١٦, ل. ٣٤).

**پرنسیپەکانی تیۆری بونیادی:**گرنگترین پرنسیپەکانی تیۆری بونیادی لەسەر دادەمەزرێت بۆ فێربوون ئەمانەن:

١- فێربوون پرۆسەی بونیادی ئەقڵی چالاکە: تێگەیشتن و مەعریفە بە چالاکی خوێندکار و کۆششی ئەقڵی بەدەستدەهێنرێن.

٢- بونیادنانی مەعریفە نەك گواستنەوەی: فێربوون پرۆسەی بونیادنانە، خوێندکار لە ڕێگا و چوارچێوەی تێگەیشتن یارمەتی دەدات لەسەر پێدانی واتا بەو شارەزایانەی پێیاندا تێدەپەڕێت،مەعریفە و تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی بونیاد دەنرێن: خوێندکار دەست ناکات بە بونیادنانی مەعریفەی بە شێوەی تاك (سويدان والزهيري, ٢٠١٨, ل. ١١٠).

**لایەنە ئەرێنییەکانی تیۆری بونیادی:**

١- مامۆستا یارمەتیدەر و ئاراستەکەری خوێندکارە، زانیاری پێ نادات یان پێ نابەخشێت،مەعریفە لەلایەن خودی خوێندکار بونیاددەنرێت، بە شێوەی نەرێنی لەلایەن مامۆستا ناگوازرێتەوە بۆ خوێندکار.

٢- لە رێگای چارەسەرکردنی کێشەکان یارمەتی خوێندکار دەدات لەسەر دۆزینەوە و بیرۆکەی زانستی،و خوێندکار ناچێت بۆ شارەزایی نوێی تاکو لە شارەزاییەکانی ژیان تێنەگات و بە تەواوی فێریان نەبێت، بەوشێوەیە بونیادی مەعریفی دروست دەبێت پرۆسەی فێرکردن لە دەور و بەری خوێندکارە.

٣- گرنگی بە تێگەیشتن بۆ مەعەریفە دەدات، نەك گۆڕینی ڕەفتارە دیارەکان جەخت لەسەر ئەو مەعریفەیە دەکات، کە خوێندکار دەتوانێت لە ژیانیدا کاری پێ بکات، نەك لەسەر مەعریفەی ناکارا (سويدان والزهيري, ٢٠١٨, ل. ١١٠) (العدوان واحمد ,٢٠١٥,ل.٥٧).

**ڕۆڵی خوێندکار لەبەر ڕۆشنایی تیۆری بونیادی:**

١- خوێندکار چالاکە لە بەستنەوەی مەعریفەی نوێ بە مەعریفەی پێشوو.

٢- فێربوون لەسەر بنەڕەتی کارلێککردنی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای دانانی گروپەکانی گفتوگۆ دادەمەزرێت، کە جەخت لەسەر کارامەیی هەرەوەزی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئالوگۆڕی بیرۆکەکان دەکات.

٣- خوێندکار بەشدارێکی چالاك و کارایە، دەگەڕێت و پشکنین دەکات و دەدۆزێتەوە و گفتوگۆ و دیالۆگ دەکات.

٤- دەرفەت بۆ خوێندکاران دەڕەخسێنرێت ڕۆڵی زانایان ببینن، کە ئاراستەی ئەرێنیان بە ئاراستەی زانست و زانایان گەشە پێبدەن (السر واخرون, ٢٠٢١, ل. ٤٦).

**دووەم: چەمکی فێربوونی چالاك**:زاراوەیفێربوونیچالاك لە ساڵانی کۆتایی لە سەدەی بیستەم دەرکەوت، گرنگی پێدانی بە ڕوونی لەگەڵ دەستپێکی سەدەی بیست و یەك بە ڕوونی زیادی کرد،هەروەها فێربوونی چالاك جۆرێکە لە جۆرەکانی فێربوون، جەخت لەسەر سەرجەمی لایەنەکانی فێربوون و ڕەگەزەکانی دەکات، فێربوونی چالاك لەسەر چالاکییەکانی فێرکردنی جیاواز دامەزراوە، کە خوێندکار پەیرەوی دەکات، ڕەفتاری ئامانجداری لێ بەرهەمدەهێنێت (الحاج والمصالحة, ٢٠١٦, ل. ١٥) (خيري, ٢٠١٨, ل. ٢٦).

هەروەها فێربوونی چالاك شێوازێکە لە شێوازەکانی وانەوتنەوە، کە پشت بە چالاکی خودی و بەشداریکردنی ئەرێنی خوێندکاران دەبەستێت، خوێندکار لە ڕێگایەوە هەڵدەستێت بە گەڕان، بە بەکارهێنانی کۆمەڵێك چالاکی و پرۆسەی زانستی، وەکو تێبینی و خوێندنەوەی داتا و هەڵهێنجان لە پێناوی گەیشتن بە زانیاری پێویست بە خودی خۆی، لە ژێر سەرپەرشتی مامۆستا و ئاراستە و

هەڵسەنگاندنی، بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن، فێربوونی چالاك وادەکات خوێندکاران توانای بەدەستهێنانی کارامەیی دیاریکراو و مەعریفە و ئاراستەی دیاریکراویان هەبێت هەروەها خوێندکاران لە دید و بۆچوون بە ئامادەبوونی مامۆستا بەشداری دەکەن، کە ئاسانکاری پرۆسەی فێربوونە ڕووە و بەدیهێنانی ئامانجەکانی فێربوون پاڵیان دەنێت. (المحنة واخرون, ٢٠٢١, ل. ١٦٧) (سعادة, ٢٠١٥, ل. ٣٣).

توێژەر وایدەبینێت، فێربوونی چالاك جەخت دەکاتە سەر ڕۆڵبینین، لەسەر ئەو بنەمایەی تەوەری پرۆسەی فێرکردنە لە ناو ژووری پۆلی خوێندن، بەشداری لە پرۆسەی فێرکردن دەکات، ڕوونی دەکاتەوە فێربوونی چالاك و بەکارهێنانی سوودی گەورەی هەیە، لەبەرئەوە پێویستە لەسەر پەروەردەکاران و مامۆستایان لە ناو ژووری پۆلی خوێندن بەکاری بهێنن.

**گرنگی فێربوونی چالاك:**

ئـ- کەشی فێرکردن دەکات بە کەشێك ئارام و پەسند بێت لای خوێندکاران ،وهەڵوێستی فێرکردنی زیندوو بۆ خوێندکاران ئامادە دەکات، تیکەڵبوونیان لە کارکردن زیاد دەکات، هەروەها مەیلی خوێندکاران دەدۆزێتەوە و پێویستییەکانیان تێر دەکات و لەسەر زۆری بەرهەم هانیان دەدات ،ولەسەر تێگەیاندنی خودی خۆیان و ژینگەکەیان بە شێوەیەکی چاکتر یارمەتی خوێندکاران دەدات، هەروەها متمانە بەخۆبوونیان و پاڵنەریان گەشە پێدەدات ،وهەریەك لە خوێندکار و مامۆستا فێری ڕێگای دەستکەوتنی مەعریفە دەبن، ئارەزووی بیرکردنەوە و گەڕان و فێربوون تاکو تێگەیشتن لایان گەشە دەکات(امبو سعيدي والحسنية, ٢٠١٥, ل. ٣١)و(ابو الحاج والمصالحة، ٢٠١٦، ل. ٢٤).

**جیاکەرەوەکانی فێربوونی چالاك:** فێربوونی چالاك چەندین جیاکەرەوەی هەیە، لەوانە:

١- هەڵوێستی فێرکردنی زیندووی کارا بۆ خوێندکاران ئامادە دەکات.

٢- جەختکردنە سەر گواستنەوەی زانیارییەکان کەم دەکاتەوە، بەڵکو جەختکردنە سەر گەشەپێدانی کارامەیی خوێندکاران زیاد دەکات.

٣- متمانە بەخۆبوون و توانا لەسەر گوزارشتکردن لە دید و بۆچوون گەشە پێدەدات.

٤- ئارەزووی فێربوون تاکو تێگەیشتن و توانا لەسەر بیرکردنەوە و گەڕان گەشە پێدەدات،هەروەها هانی گیانی بەرپرسیارێتی و دەستپێشخەری لای خوێندکاران دەدات..

٥- بە بوارێك بۆ دۆزینەوەی مەیلی خوێندکاران و تێرکردنی پێویستییەکانیان دادەنرێت (ابو الحاج وآخرون، ٢٠١٦, ل. ٢٢).

**ڕۆڵی خوێندکار لە فێربوونی چالاك:** بۆئەوەی پرۆسەی فێربوونی چالاك بەدیبێت، تەنها ڕۆڵی مامۆستا بەس نییە، بۆ هەڵسان بە ڕۆڵی فێربوون، بەڵکو پێویستە ڕۆڵی ئەرێنی بۆ خوێندکار هەبێت، ڕۆڵە گرنگەکانی ئەمانەن:

١- خوێندكار بە خودی خۆی بەدوای زانینی چەندین سەرچاوە دەگەڕێت و بەشداری لە هەڵسەنگاندنی خۆی دەكات، ڕادەی بەدیهێنانی ئامانج دیاری دەكات ،ولە ڕێگای فێربوونی بیری ڕەخنەیی دەكاتەوە، كە دەرفەتی بونیادنانی مەعریفە و پەرەپێدانی پێ دەدات.

٢- خوێندكار لەگەڵ هاوتاكانی بەشداری گروپی هەرەوەزی دەكات، بۆ ئەوەی بە خستنەڕووی پرسیار یان قسە لەسەر ئەوەی دەیڵێت یان خستنەڕووی بیرۆكە یان دید و بۆچوونی نوێ دەستپێشخەری بكات، خوێندكار پرسیار لە هاوتاكانی دەكات و لە كاتی پێویست ڕوونكردنەوە لە مامۆستا وەردەگرێت.

**ستراتیجییەكانی فێربوونی چالاك:**

١- ستراتیجی درەختی كێشەكان. ٢- ستراتیجی تابلۆی هەڵبژاردن.

٣- ستراتیجی خانەی فێربوون. ٤- ستراتیجی تۆپەڵە بەفر.

٥-ستراتیجیەتی**كارتە فڕیووەكان** (امبو سعيدي وهدى, ٢٠١٦, ل. ١٧١).

**سێیەم: ستراتیجیەتی كارتە فڕیووەكان:**ئەو ستراتیجیەیە لە جۆش و چێژ و ڕاكێشانی سەرنجی خوێندكارن بە بەرزترین ئاست دانراوە، ستراتیجێكی گونجاوە بۆ ئاستی تەمەنی بچووك، بەشداریكردنی كارا بۆ سەرجەمی خوێندكاران لە ڕەوتی وانەكە دەرەخسێنێت، لە سێ هەنگاو پێكدێت، هەنگاوەكانی ئەمانەن:

١- نووسینی ناوی خوێندكاران لەسەركارتە فڕیووەكان،دانانی دارەكان لە سندوقێكی ڕوون لە پێش سەرجەم خوێندكارەكان.

٢- لە كاتی بەڕێوەچوونی وانەكە مامۆستا كارتە فڕیووەكانلە ناو سندوقەكە بە هەڕەمەكی دەردەهێنێت یان ڕادەكێشێت، خوێندكاری پەیوەست بە پرسەكە یان ناوی لەسەر دارەكە نووسراوە پێویستە لەسەر ئەركی داواكراو لێ ئەنجام بدات، یان وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە كە ئاراستەی كراوە(حميد, ٢٠٢١, ل.٣٧٩).

**ڕۆڵی مامۆستا لە ستراتیجیەتی كارتە فڕیووەكان:**

١- مامۆستا دارەكان دەخاتە ناو سندوقێك لەسەر مێزەكێك ،مامۆستا لەسەركارتە فڕیووەكان ناوی خوێندكارێك لە پۆلەكە دەنووسێت،ولە كاتی گفتوگۆی ناو پۆل، مامۆستا یەك لە دارەكان بەرز دەكاتەوە، ئەو ناوەی لەسەر دارەكە دەردەكەوێت، پێویستە وەڵامی پرسیارەكەی خراوەتە ڕوو بداتەوە.

٢-مامۆستا دكارتە فڕیووەكانەگێڕێتەوە بۆ ناو سندوقەكە، تاكو خوێندكار درك بكات، دەكریت مامۆستا جارێكی دیكە ناوی ڕابكێشێتەوە (امبو سعيدي والحسنية, ٢٠١٥, ل. ١٥٦).

**سێەم :لێكۆڵینەوەكانی پێشوو:خستنەڕووی لێكۆڵینەوەكانی پێشوو:** لەبەرئەوە توێژەر خوێندنەوەی بۆ كۆمەڵێك لە توێژینەوە و لێكۆڵینەوەی پەیوەندیداری بە توێژینەوەكەی كردووە، وەكو

هەوڵێك بۆ كۆكردنەوەی زۆرترین تەوەرەكان و دەرخستنیان بە شێوەیەك،تەوەری یەكەم: ئەو لێكۆڵینەوانەی ستراتیجیەتی كارتە فڕیووەكانو گۆڕاوی دیكەیان وەرگرتووە.

**خشتەی (١) خستنەڕووی لێكۆڵینەوەكانی پێشوو:**

| خستنەڕووی لێكۆڵینەوەكانی پێشوو | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژ | ناوی توێژەر و ساڵی توێژینەوە و شوێنی ئەنجامدانی | گۆڕاوی سەربەخۆ | قۆناغ | قەبارە و ڕەگەز و نموونە | بابەت | ئامرازی ئاماری | ئەنجام |
| ١ | أمبوسعيدي وهدى(٢٠١٦) عێراق | كاریگەریستراتیجیەتی كارتە فڕیووەكان لە ڕێنووسیلایخوێندكاانیپۆلیسێیەمیسەرەتایی | پۆلی سێیەمی سەرەتایی | (٦٢)مێ | ڕێنوس | تاقیكردنەوەیتائی (t-tes) بۆدوونموونەیسەربەخۆ وهاوكێشەیگرانی | سەركەوتنی خوێندكارانی كۆمەڵەی ئەموونی كە بە بەكارهێنانی ستراتیجیەتی دارە ساردەمەنییەكان خوێندویانە بەسەر خوێندكارانی كۆمەڵەی كۆنترۆڵكراو كە بە ڕێگای كلاسیكی خوێندویانە لە تاقیكردنەوەی دەستكەوت |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢ | حميد (٢٠٢١) عێراق | کاریگەری ستراتیجیەتی داره ساردەمەنییەکان لە بەدەستهێنانی چەمکی دەروونی و فەلسەفی لای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی وێژەیی لە بابەتی پرنسیپەکانی فەلسەفە و دەروونزانی | پۆلی پێنجەمی وێژەیی | (٨٠)مێ | بەدەستهێنانی چەمکی دەروونی و فەلسەفی | تاقیکردنەوەیتائی(t-tes) بۆدوونموونەیسەربەخۆ و هاوکێشەیهێزبیرگەکان و گرانیان و شوێنگرەوەیهەڵەکان | سەرکەوتنی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە بەکارهێنانی ستراتیجیەتی داره ساردەمەنییەکان خوێندوویانە بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگای کلاسیکی خوێندویانە لە بەدەستهێنانی چەمکی دەروونی و فەلسەفی |
| ٣ | عبيد (٢٠٢١) عێراق | کاریگەری فێرکردنی تێکەڵاو و فێربوونی چالاك لە دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی وێژەیی لە بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی و ئاراستەیان ڕووە و بابەتەکە | پۆلی پێنجەمی وێژەیی | (٦٩)مێ | خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی | تاقیکردنەوەیتائی (t-tes) بۆدوونموونەیسەربەخۆ و هاوکێشەیهێزبیرگەکان و گرانیان و شوێنگرەوەیهەڵە | سەرکەوتنی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بە بەکارهێنانی کاریگەری فێرکردنی تێکەڵاو و فێربوونی چالاك خوێندوویانە بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگای کلاسیکی خوێندویانە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت و |
| ٤ | الربيعي (٢٠٢٢) عێراق | کاریگەری ستراتیجی چالاککردنی خوێندکار لە دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی لای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی | پۆلی پێنجەمی ئامادەیی | (٤٠ )نێر | خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی | تاقیکردنەوەیتائی(t-tes) بۆدوونموونەیسەربەخۆ و تاقیکردنەوەیکولموجورڤسمیرنوڤهاوکێشەیگرانی و | سەرکەوتنی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە بەکارهێنانی ستراتیجی چالاککردنی خوێندکاران خوێندوە، بەسەر خوێندکارانی |

## دووەم: ئاماژە و بەڵگەکان سەبارەت بە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو:

١- **ڕێبازی لێکۆڵینەوە:** لێکۆڵینەوەی ئێستا هاوشێوەیە لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی پێشوو لە ڕێبازی ئەزموونی.

**٢- ئامانجی لێکۆڵینەوە:** ئامانجی لێکۆڵینەوەی (احمد ,٢٠١٦) زانینی کاریگەری ستراتیجیەتی دارە ساردەمەنییەکانە لە ڕێنووس لای خوێندکارانی پۆلی سێیەمی سەرەتایی، لێکۆڵینەوەی (حمید, ٢٠٢١) بۆ زانینی کارایی ستراتیجیەتیکارتە فڕیووەکانلە بەدەستهێنانی چەمکی دەروونی و فەلسەفی لای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی وێژەیی لە بابەتی پرنسیپە فەلسەفی و دەروونزانی، لە کاتێکدا ئامانجی لێکۆڵینەوەی (عبید ,٢٠٢١) بۆ زانینی کاریگەری فێرکردنی تێکەڵاوە و فێربوونی چالاکە لە دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی وێژەیی لە بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی و ئاراستەیان ڕووە و بابەتەکە، بەڵام لێکۆڵینەوەی (الربیعي ,٢٠٢٢).

**٣- قۆناغی خوێندن:** دەرکەوتووە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو لە قۆناغەکانی خوێندن کە جێبەجێکراون، لێکۆڵینەوەی (احمد,٢٠١٦) جێبەجێکراوە لەسەر خوێندکارانی پۆلی سێیەمی سەرەتایی، بەڵام لێکۆڵینەوەی (حمید ,٢٠٢١) و لێکۆڵینەوەی (عبید ,٢٠٢١) و لێکۆڵینەوەی (مولی ,٢٠٢٢) و لێکۆڵینەوەی (الربیعي ,٢٠٢٢) و لێکۆڵینەوەی (احمد ,٢٠٢٢) و لێکۆڵینەوەی (احمد ,٢٠٢٣) تەنها جێبەجێکراون لەسەر پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، هەروەها و لێکۆڵینەوەی(هاشم،٢٠٢٢)لەسەر پۆلی **چوارەمی ئامادەیی**لەگەڵ لێکۆڵینەوەی ئێستا لەو قۆناغەی لەسەری چوارەمی ئامادەیی.

**٥- ئامرازی لێکۆڵینەوە:** لێکۆڵینەوەکانی پێشوو لە بەکارهێنانی ئامرازی لێکۆڵینەوە دەستکەوت ، لەوانە لێکۆڵینەوەی (احمد,٢٠١٦) و لێکۆڵینەوەی (حمید ,٢٠٢١) و لێکۆڵینەوەی (عبید ,٢٠٢١) و(مولی ,٢٠٢٢)و لێکۆڵینەوەی (الربیعي ,٢٠٢٢) و لێکۆڵینەوەی (احمد ,٢٠٢٢) و لێکۆڵینەوەی (احمد ,٢٠٢٣)، هەروەها لێکۆڵینەوەی ئێستا هاوڕایە لەگەڵ لێکۆڵینەوەی (هاشم ,٢٠٢٢)

**٦-ئەنجام:** لێکۆڵینەوەکانی پێشوو لەسەر سەرەکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی هاوڕابوونە، کە نموونەکانیان بەپێی گۆڕاوی جیاواز خوێندوویانە، بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگای ئاسایی کلاسیکی خوێندویانە، بەڵام لێکۆڵینەوەی ئێستا کە لە بەشی چوارەم دەیخەینەڕوو و شیکاری دەکەین، تایبەت بە گەیشتن بە ئەنجام و بەراوردکردنی لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی پێشوو.

**سێیەم: لایەنی سوودبینین لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو:**

١- زانینی سەرچاوەی پەیوەندیدار بە بابەتی توێژینەوەکە،و دیاریکردنی کێشەی توێژینەوەکە بە وردی.

٢- هەڵبژاردنی نەخشەی ئەزموونی گونجاو بۆ توێژینەوەی ئێستا.

٣- هەڵبژاردنی نەخشەی ئەزموونی کۆنترۆڵکراوی بەشەکی گونجاو بۆ توێژینەوەکە.

٤- هەڵبژاردنی ئامرازی ئاماری گونجاو بۆ ڕێکارەکانی توێژینەوەی ئێستا و ئەنجامەکەی.

**بەشی سێیەم :یەکەم: ڕێبازی توێژینەوەکە:**ڕێبازی ئەزموونی لە توێژینەوەی زانستی بە نزیکترین ڕێباز دادەنریت لە ڕێگای زانستی ڕاست و بابەتی، کە توێژەر لە ڕێگایەوە بارودۆخ جیاوازەکان گۆڕاوەکان دیاری دەکات، کە لە پشکنینی زانیارییەکان دەردەکەوت، کە تایبەتن بە دیاردەیەك، هەروەها کۆنترۆڵکردنی نموونەی ئەو بارودۆخ و گۆڕاوانە و کۆنترۆڵکردنیان. (الصانع, ٢٠١٨, ل. ١٩٨) (زاید, ٢٠١٨, ل. ٢١), توێژەر ڕێبازی ئەزموونی لەو توێژینەوەیە پەیڕەوکردووە، بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکەی، ڕێبازی ئەزموونی بە ڕێبازی توێژینەوەی زانستی زۆر ورد و تەواو دادەنریت.

**دووەم: دیزاینی ئەزموونی:**مەبەستی لە دیزاینی ئەزموونی ئەو ڕێبازەیە کە توێژەر تیادا هەوڵدەدات کاریگەری گۆڕاو لە گۆڕاوێك یان گۆڕاوێکی دیکە تاقی بکاتەوە (ابو زایدة, ٢٠١٨, ل. ٨٢)، توێژەر دیزاینی ئەزموونی کۆنترۆڵکراوی بەشەکی بەکارهێناوە، کە پشت بە کۆمەڵەی ئەزموونی دەبەستێت، کە بەپێی ستراتیجییەتی **(کارتە فڕیووەکان)** دەخوێنێت، هەروەها کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بەپێی ڕێگای ئاسایی دەخوێنێت، شێوەی (١) ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

| کۆمەڵە | گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پشت بەست | تاقیکردنەوەی کۆتایی |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ستراتیجییەتی **کارتە فڕیووەکان** | دەستکەوتی | تاقیکردنەوەی دەستکەوتی کۆتایی |
| کۆنترۆڵکراو | ڕێگایی ئاسایی | | |

**شێوەی (١)دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە**

**سێیەم: کۆمەڵگەی توێژینەوە ونموونەکەی:-**

**کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:**توێژەر بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرخی دووە م هەڵبژاردووە، کە ژمارەی خوێندنگەکانی گەیشتووە بە (٢٨) خوێندنگە و ژمارەی خوێندکارانی (٤،١١٦) خوێندکارە، لە نێوان شەش بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان لە پارێزگای بەغدا، توێژەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی کەرخی دووە م بە شێوەی مەبەست هەڵبژاردووە، بینی دابەش بوونە لەسەر (٩) ناوچە، توێژەر بە مەبەست ناوچەی (اللطيفية) هەڵبژاردووە، ژمارەی خوێندنگە ئامادەییەکان و دواناوەندییەکانی کە پۆلی چوارەمیئامادەیی لەو ناوچەیە لەخۆدەگرن (٧) خوێندنگەیە.

**چوارەم: نموونەی توێژینەوەکە:** توێژەر سەردانی ئامادەیی هەڵبژێردراوی کرد، بینی کە (٦) هۆبە لەخۆدەگرێت، هەروەها بە ڕێگای ڕاکێشانی هەڕەمەکی *توێژەر ئامادەیی (الجولان) بۆ کوڕانهەڵبژارد بۆ جێبەجێکردنی ئەزموونەکەی، بە هاوکاری کارگێڕی خوێندگەکە،توێژەر دوو

هۆبەی بە دانانی هەڕەمەکی هەڵبژارد کە لە بنەڕەتەوە شەش هۆبە بوو، هۆبەی (أ) بۆ نواندنی کۆمەڵەی ئەزموونی هەڵبژارد، ژمارەی خوێندکارەکانی گەیشت بە (٣١) خوێندکار، هۆبەی (ب) بۆ نواندنی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، ژمارەی خوێندکارانی گەیشت بە (٣٠) خوێندکار، کۆی گشتی هەردوو هۆبەکە گەیشت بە (٦١) خوێندکار، خشتەی (٣) ئەو ڕوون دەکاتەوە جێبەجێکردنی ئەزموونی توێژینەوەکە لەبەر ئەو هۆکارانە:نزیکی خوێندنگەکە لە ماڵی توێژەر،وهاوکاری کارگێڕی خوێندنگە و ئاسانکارییەکانی پێشکەشی کردووە بۆ ڕێکاری توێژینەوەکە،و خوێندنگەکە شەش هۆبەی بۆ پۆلی چوارەمیئامادەیی لەخۆگرتووە، کە دانانی هەڕەمەکی بۆ دوو کۆمەڵەی (ئەزموونی کۆنترۆڵکراو) بۆ توێژەر دەستەبەر دەکات..

**خشتەی (٢)دابەشکردنی خوێندکارانی نموونەی توێژینەوە لەسەر کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە**

| کۆمەڵە | هۆبە | ژمارەی خوێندکاران |
|---|---|---|
| **ئەزموونی** | ئـ | ٣١ |
| **کۆنترۆڵکراو** | ب | ٣٠ |
| **کۆی** | | ٦١ |

**پێنجەم: هاوتاکردنی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە:**توێژەر پێش دەستپێکردنی ئەزموونەکەی بە ئامار جەختی لەسەر هاوتاکردنی تاکەکانی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە کردووە، فۆڕمی زانیاری بە خوێندکارەکان داوە، بۆ ڕوونکردنەوەی ژمارەی گۆڕاوەکانی ئەدەبیات و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو ئاماژەی پێکردووە، کە کاریگەریان لە ئەنجامی ئەزموونەکە دەبێت، گۆڕاوەکان ئەمانە:-

١- دەستکەوتی خوێندنی باوکان.٢- تەمەنی کاتی بۆ خوێندکاران هەژمارکراوبە مانگ.

٣- دەستکەوتی خوێندنی دایکان. ٤- نمرەی ساڵی خوێندنی پێشوو بۆ بابەتی زمانی کوردی،تاقیکردنەوەی زیرەکی

**شەشەم: کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوە دەرەکییەکان (نائەزموونییەکان):**گۆڕاوە ناوخۆییەکان پێناسە دەکرێن بریتییە لە کۆمەڵێك گۆڕاو کە گۆڕاوە سەربەخۆکان بەیەك دەگەیەنێت، توێژە هەوڵدەدات کاریگەریان کەم بکاتەوە (ملحم, ٢٠١٧, ل. ٢٠٣).

توێژەر هەڵساوە بە کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوەکانی پەیوەستن بە ئەنجامدانی ئەزموونەکە، کە کار لە گۆڕاوی پشت بەست و ئەنجامی ئەزموونەکە بەو شێوەیە دەکەن:-

**١- بارودۆخی ئەزموونەکە و ڕووداوەکانی ڕوودەدەن:** مەبەست لە بارودۆخی ئەزموونەکە و ڕووداوەکانی ڕوودەدەن، ئەو ڕوداوانەن کە دەکرێت لە ماوە و کاتی ئەزموونەکە ڕووبدەن، وەکو (وێرانکاری، بومەلەزە، گەردەلول و ڕووداوی دیکەی وەکو جەنگ و خۆپیشاندن، ڕووداوی دیکە کە ڕەوتی ئەزموونەکە پەك دەخەن)، ئەزموونەکە لە توێژینەوەی ئێستا ڕووبەڕووی هیچ بارودۆخێکی لەناکاو یان ڕووداوێك نەبووەوە.

**٢- کەمبوونی ئەزموونەکە:** مەبەست لە کەمبوونەوەی ئەزموونەکە، هەر کەمبوونەوەیەك لە تاکەکانی هەردوو کۆمەڵەی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) ڕوویدات، یان پچڕانیان لە کاتی ئەزموونەکە، کاریگەری نەرێنی لە ئەنجامی توێژینەوەکە دەبێت (عبد الرحمن وعدنان, ٢٠٠٧, ل. ٤٧٩).

**٣- هەڵبژاردنی تاکەکانی نموونەکە:** توێژەر هەڵساوە بە چاودێریکردنی ڕێگای هەڵبژاردنی نموونەکە، کە کۆمەڵگەی بنەڕەتی دەنوێنێت، بۆئەوەی بتوانێت بگات بە ئەنجامی ورد، کە جیاوازی لە نێوان خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی و خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو لە هەندێك گۆڕاوی گرنگ هەیە.

**٤- باڵەخانەی خوێندنگە:** ئەزموونەکە لە یەك خوێندنگە و یەك باڵەخانە جێبەجێکراوە، پۆلەکان هاوشێوەن لە ڕووی ڕووبەر و ژمارەی پەنجەرەکان و گلۆپ و هەواگۆڕکێ و ژمارەی کوسییەکان و جۆر و قەبارەیان.

**٥- ئامرازی پێوانە:** توێژەر توانی ئامرازی یەکگرتوو بۆ خوێندکارانی هەریە ك کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆلکراو بەکاربهێنێت، کە تاقیکردنەوەی دەستکەوت بەرەو بابەتی خوێندنەوەی نوێیکوردییە.

**کاریگەری ڕێکارە ئەزموونییەکان:-**

**١-بابەتی زانستی:** توێژەر جەختی لەسەر ئەوە کردووە بابەتی **خوێندنەوەی نوێی کوردی** خوێندن یەك بێت بۆ کۆمەڵەکانی توێژینەوەی، بریتییە لە بابەت لە کتێبی بۆ پۆلی چوارەمیئامادەیی.

**٢- ماوەی ئەزموونەکە:**توێژەر هەڵساوە بە جێبەجێکردنی ، لە کۆتایی ئەزموونەکە ئامرازەکانی توێژینەوەی تاقیکردنەوەی دەستکەوت جێبەجێکرد.

**٣- دابەشکردنی بەشەوانەکان:** توێژەر هەڵسا بە ڕێکخستنی خشتەی هەفتانە بە ڕێکەوتن لەگەڵ کارگێڕی خوێندنگە، بابەتیخوێندنەوەی نوێی کوردی بە کۆمەڵەکانی توێژینەوە لە هەمان ڕۆژ وتەوە، یەك بەشەوانە بۆ هەر کۆمەڵەیەك.

**٤- نهێنی ئەزموونەکە:** توێژەر جەختی کردووەتە سەر نهێنی ئەزموونەکە، ئەوش بە ڕێکەوتن لەگەڵ کارگێڕی خوێندنگە و مامۆستای بابەتەکە، کە سروشتی توێژینەوەکە و ئامانجەکەی بە خوێندکارەکان ڕانەگەیەنن، بۆئەوەی چالاکی و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەزموونەکە نەگۆڕێت و کار لە دروستی ئەزموونەکە و وردییەکەی نەکات.

**حەوتەم: پێداویستییەکانی توێژینەوەکە:-**

**١- دیاریکردنی بابەتی زانستی:** توێژەر بابەتی زانستی کە توێژینەوەکە دەیگرێتەوە دیاری کردووە، کە بە خوێندکارانی کۆمەڵەکانی توێژینەوە دەڵێتەوە لە کاتی ئەزموونەکە، بەپێی داتاکانی بابەتی

خوێندنەوەی نوێی کوردیبڕیاردراو وتنەوەی بە خوێندکارانی پۆلی چوارەمیئامادەیی کە خۆی لە هەشت بابەتی.

**٢- داڕشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان:**توێژەر لە داڕشتنی ئامانجەکان پۆلێنی بلوومی (Bloom) لە بواری مەعریفی وەرگرتووە، کە سێ ئاست دەگرێتەوە، بریتین لە (زانین، تێگەیشتن، جێبەجێکردن)، خستووتییە بەردەستی ژمارەیەك لە شارەزایان و پسپۆڕانی پرۆگرامەکان و ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی و پێوانە و هەڵسەنگاندن، بەوشێوەیە ژمارەی ئامانجە رەفتارییەکان بە شێوەی کۆتایی بووە بە (٧٧) ئامانجی ڕەفتاری

**هەشتەم: ئامرازەکانی توێژینەوەکە:-بونیادی ئامرازی توێژینەوەکە:**ئەو توێژینەوەیە پێویستی بە ئامادەکردنی ئامرازە بۆ پێوانی گۆڕاوی پشت بەست (دەستکەوت) .

**١- تاقیکردنەوەی دەستکەوت:** لە پێویستییەکانی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە، ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی دەستکەوتە، بۆ پێوانی دەستکەوتی خوێندن بۆ کۆمەڵەکانی توێژینەوە لە بابەتی خوێندنەوەی نوێی کوردی،لەبەرئەوە توێژەر هەڵساوە بە ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی دەستکەوت لە بابەتی خوێندن کە دەیلێتەوە.

**ئـ- دیاریکردنی ئامانج لە تاقیکردنەوەکە:** ئامانجی تاقیکردنەوە بۆ پێوانی ڕادەی ئەو زانیاریانەیە کە خوێندکارانی پۆلیچوارەمی ئامادەیی زانستی (نموونەی توێژینەوەکە) لە ماوەی ئەزموونەکە لە بابەتی **خوێندنەوەی نوێی کوردی**لە کتێبی بڕیاردراو.

**ب- داڕشتنی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە:** توێژەر پشتی بە پۆلێنی بلووم (Bloom) بەستووە، بریتییە لە (زانین، تێگەیشتن، جێبەجێکردن)، ژمارەی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی گشتگیر گەیشتووە بە (٣٠) بڕگەی تاقیکردنەوە لە جۆری (تاقیکردنەوە لە جۆرەها) لە بنەڕتەوە بڕگەکان پێکهاتوون لە چوار شوێنگرەوە،

**ت- ڕاستگۆیی تاقیکردنەوەکە:** مەبەست لە ڕاستگۆیی تاقیکردنەوە، پێوانی ئەو تاقیکردنەوەیە بکات لە پێناوی دانراوە، هەروەها وێنەی تەواو و ڕوون بۆ توانای خوێندکار لەسەر ئەو تایبەتمەندییەی مەبەستە پێوانە بکرێت بەدەستەوە بدات (العبسي, ٢٠١٠, ل. ٢١٠)، هەروەها بە دوو جۆری ڕاستگۆیی بەستووە:-

١-ڕاستگۆیی دیاردەیی ٢-ڕاستگۆیی ناوەڕۆك:

**نۆیەم : جێبەجێکردنیئەزموونەکە:-جێبەجێکردنی تاقیکردنەوە:** تاقیکردنەوەی دەستکەوت لە قۆناغی سەرەتایی یەکەم جێبەجێکرا لەسەر نموونەی سەرەتایی لە خوێندکارانی پۆلیچوارەمی زانستی لە ئامادەیی (الجولان) بۆ کوران سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی/ پەروەردەی کەرخی دووەم، ژمارەی خوێندکارەکانی (٦١) خوێندکاری بوو، مەبەست لێی زانین و ڕوونی ڕێنماییەکان و بڕگەکان و ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوە و تێگەیشتنی خوێندکاران بۆ شوێنگرەوەی وەڵامەکان و

زانینی کاتی گونجاو بۆ وەڵامەکان بوو، هەروەها پێی وتنی کاتی تاقیکردنەوەکە بە خوێندکاران پێش هەفتەیەك لە بەرواری جێبەجێکردنی، هەروەها سەرپەرشتیکردنی توێژەر و مامۆستا بابەتەکە لە خوێندنگە لەسەر جێبەجێکردنی، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی هەندێك لە بڕگەکان بۆ خوێندکاران، بەوشێوەیە سەرجەمی بڕگەکان ڕوون و ڕەوان بوون، لە ڕووی واتا و دارشتنیان، هەروەها ناوەندی کات هەژمارکراو بوو، دەرکەوت کاتی خایاندن بۆ وەڵامدانەوەی بڕگەکانی تاقیکردنەوە (٤٥) خولەك بوو.

**جێبەجێکردنی بەدواداچوونی دووەم:-** توێژەر بە خودی خۆی سەرپەرشتی جێبەجێکردنی کردووە، بە هاوکاری لەگەڵ مامۆستای بابەتەکە لەو خوێندنگەیە، ئامانج لە تاقیکردنەوەی سەرەتایی چاکترکردنی تاقیکردنەوە و زانینی بڕگە شێواوەکان بۆ کارکردن لەسەر دووبارە دارشتنەوەیان یان سڕینەوەیان، هەروەها بۆ یارمەتیدانی توێژەر لەسەر دڵنیابوونەوە لە بڕگەکانی تاقیکردنەوە و کارکردن لەسەر ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکایەتی لە نێوان خوێندکاران.

**شیکاری ئاماری بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت:**توێژەر ڕاستکردنەوەی وەڵامی خوێندکارانی کردووە، هەروەها بە شێوەی لەسەرەوە بۆ خوارەوە لە بەرزترین نمرە بۆ نزمترین نمرە ڕیزبەندی کردووە کە دەستی کەوتووە، دواتر بەرزترین (٢٧%) نمرەی باڵای وەرگرتووە، بۆ نواندنی کۆمەڵەی باڵا، نزمترین (٢٧%) لە نمرەی خوێندکاران وەرگرتووە، بۆ نواندنی کۆمەڵەی نزم، دواتر توێژەر وەڵامی هەردوو کۆمەڵەی باڵا و نزمی بە ئامار شیکار کردووە، بۆ دۆزینەوەی تایبەتمەندی سایکۆمتری بۆ تاقیکردنەوەکە، بە شێوەی خوارەوە:

**ئـ-- هاوکێشەی جیاکاری بڕگەکان:** توانایە لەسەر جیاکاری لە نێوان ئەو خوێندکارانەی نمرەی باڵایان دەستکەوتووە ،هەروەها لەکاتی هەژمارکردنی هاوکێشەی جیاکاری بۆ هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت، توێژەر بینی سەجەمی بڕگەکان هاوکێشەی هێزی جیاکاری پەسندیان هەیە.

**ب- جێگیری تاقیکردنەوە:** مەبەست ئەوە تاقیکردنەوە هەمان ئەنجامی دەبێت، ئەگەر دووبارە جێبەجێکراوە لەسەر هەمان کۆمەڵە و لە هەمان بارودۆخ (ملحم، ٢٠١٧، ل. ٢٤٩)، توێژەر هاوکێشەی ئەلفا کرونباخی بەکارهێناوە، هاوکێشەی جێگیری گەیشتووە بە (٠.٨٧)، ئەوە بەهایەکی گونجاوە بۆ مەبەستەکانی خوێندن.

**ت- دارشتنی کۆتایی بۆ تاقیکردنەوە:** دوای تەواوکردنی سەرجەمی ڕێکارەکانی پەیوەستە بە ڕاستگۆیی و جێگیری و هاوکێشەی گرانی و شوێنگرەوەی هەڵە و هێزی جیاکاری بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت، تاقیکردنەوەکە بووە بە دارشتنی کۆتایی کە پێکهاتووە لە (٣٠) بڕگە،

**دەیەم: ئامرازەکانی ئامارکردن** :توێژەر ئەو ئامرازە ئاماریانەی لە ڕێکارەکانی توێژینەوەکەی بەکارهێناوە، هەروەها شیکاری داتای پرۆگرامەکانی ئاماری بۆ جانتای ئاماری (spss) بەکارهێناوە.

**١- تاقیکردنەوەی تائی (t-test):** **٢- کای دووجا(کا٢):**

**٣- هاوکێشەی گرانی بڕگەکان:** **٤- هاوکێشەی سبیرمان براون**

**٥- کارایی شوێنگرەوەی هەڵەکان:** **٦- هاوکێشەی بەیەکەوە بەستنەوەی پیرسۆن:**

**بەشی چوارەم:خستنەڕوویئەنجامەکان و ڕاڤەکردنیان**:ئەم بەشە خستنەڕووی ئەوئەنجامانە لەخۆدەگرێت کە توێژەرپێیانگەیشتووە، هەروەهاڕاڤەکردنیاندەکات، بۆزانینیستراتیجیەتیکارتە فڕیووەکان و زانینیبەڵگەیجیاوازیئاماری لە نێوانناوەندینمرەیکۆمەڵەکانیتوێژینەوە بۆلێکۆڵینەوە لە گریمانەکانیتوێژینەوەکە.

**یەکەم:- خستنەڕووی ئەنجامەکان:** بۆمەبەستیلێکۆڵینەوە لە ڕاستیگریمانەیسفرییەکەم، کە توێژەربۆتوێژینەوەکەیداناوە و جەختیلێکردووە، لەسەرئەوەی (جیاوازیئاماژەپێکراویئاماری لە ئاستیخەملاندنی (٠،٠٥) لە نێواننمرەیخوێندکارانیکۆمەڵەیئەزموونیییە، کە بابەتیڕێزمانیکوردییان بە پێیستراتیجەتیکارتە فڕیووەکان، هەروەهاناوەندینمرەیخوێندکارانیکۆمەڵەیکۆنترۆڵکراو کە هەمانبابەتیان بە ڕێگایئاساییپێدەخوێنین لە تاقیکردنەوەیدەستکەوت).

توێژەرهاوکێشەی (t-test) بۆدوونموونەیسەربەخۆبەکارهێناوە، بۆدۆزینەوەیجیاوازی لە نێوانناوەندیهەردووکۆمەڵەکە، ناوەندیهەژمارکردنبۆنمرەیخوێندکارانیکۆمەڵەیئەزموونیگەیشتووە به (٢٣.٨٣٨) بە لادانیپێوەری (٤.٤٣٥)، لە کاتێکداناوەندیهەژماریبۆنمرەیخوێندکارانیکۆمەڵەیکۆنترۆڵکراوگەیشتووە بە (٢٠.٩٠٠) بە لادانیپێوەری (٣.٢٥٢)، ئەنجامەکە دەریخستووە جیاوازی بە بەڵگە ئاماری لە نێوانناوەندینمرەیکۆمەڵەکانیتوێژینەوەی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکرا) هەیە، دەرکەوتووە بەهایتائیهەژمارکراو (٢.٩٣٤)، ئەوە گەورەترە لە بەهایتائیخشتەیی، کە گەیشتووە بە (٢.٠٢١) لە ئاستیبەڵگەی (٠،٠٥) بە نمرەیئازادی (٥٩)، واتایئەوەیە جیاوازیئاماژەپێکراویئاماری لە نێوانناوەندینمرەیخویندکارانیهەردووکۆمەڵەکە لە تاقیکردنەوەیدەستکەوتیکۆتاییهەیە، هەروەها لە بەرژەوەندیکۆمەڵەیئەزموونییە.

**خشتەی (٣):ئەنجامیکۆمەڵەکانیتوێژینەوە لە نمرەیتاقیکردنەوەیدەستکەوتیکۆتایی**

| کۆمەڵە | ژمارە | ناوەندیهەژ ماركردن | لادانیپیوەری | جیاوازی | بەهایتائی | | نمرەیئا زادی | بەڵگەیئاماری لەئاستی (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | ٣١ | ٢٣.٨٣٨ | ٤.٤٣٥ | ١٩.٦٦٩ | ٢.٩٣٤ | ٢.٠٢١ | ٥٩ | بە بەرژەوەندیکۆمەڵەی ئەزموونی |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٠ | ٢٠.٩٠٠ | ٣.٢٥٢ | ١٠.٥٧٥ | | | | |

**دووەم:- ڕاڤەکردنیئەنجامەکان:**

١- پێشکەشکردنیبابەتیزانستیبەپێیستراتیجیەتی کارتە فڕیووەکانبە شێوەیەکی سادە، خوێندکارانتێکەڵبوونیتەواو بە بابەتیوانەکە بەدەستدەهێنن، هەروەهاشکاندنیکۆت و بەندی ترس و قەڵەقییە لە ناو ژووریپۆل.

٢- ستراتیجیەتی دارە ،کارتە فڕیووەکان ستراتیجێکینوێیە لە وانەوتنەوە، سەرنجیخوێندکارانیڕاکێشاوە و ئاگایی و بیرکردنەوەیانیزیادکردووە و دەستکەوتیخوێندنیشیزیادکردوونە، بە تایبەتی لە وتنەوەیبابەتی. خوێندنەوەی نوێی کوردی

٣- ستراتیجیەتی ،کارتە فڕیووەکان یارمەتیخستنەڕوویبابەتیخوێندنی بە ڕێگاینوێیبەرهەمدار داوە، لە بەستنەوەیبابەتیخوێندنلەگەڵیەکدی، ئەوە بووەتە هۆیتێگەیشتن بە شێوەیەکیچاکتر، کە ڕێگایوانەوتنەوەیئاساییبەدینەهێناوە.

٤- ستراتیجیەتی کارتە فڕیووەکانبە یەکێك لە ستراتیجیەتەکانیفێربوونیچالاکدادەنرێت، خوێندکاری لە حاڵەتیتەلقیندانگواستووەتەوە بۆبەشداریکردن و کارلێککردنیهاوبەشیکردن.

**سێیەم: دەرئەنجامەکان:** لەبەرڕۆشناییئەوانەی توێژەرپێیانگەیشتووە، ئەودەرئەنجامانەیبەدەستهێناوە:

١- ستراتیجیەتیکارتە فڕیووەکان ، لەگەڵزۆربەیتوێژینەوە و ئەدەبیاتە نوێیەکانومرچەرخانیکردووە، وایکردووە خوێندکاربێت بە تەوەریسەرەکی لە پرۆسەیفێرکردن.

٢- ستراتیجیەتیکارتە فڕیووەکان ژینگەیدیموکراسی بە هەڵوێستیفێرکردن داوە، بواریگفتوگۆ و ئاڵوگۆڕیدید و بۆچوونیبۆخوێندکارن فراوان کردووە، بۆگەیشتن بە تێگەیشتنیتەواویرێساکان..

٣- سترتیجیەتیکارتە فڕیووەکان پشت بە چالاکیخوێندکاراندەبەستێت، ئەوەیجیایدەکاتەوە، بریتییە لە ئەرێنیبوونیلەسەرهەڵوێستیفێرکردن بە شێوەیەکیگشتی.

٤- سەرکەوتنیستراتیجیەتیکارتە فڕیووەکان لە دەستکەوتیبابەتیلایخوێندکارانیپۆلیچوارەمیئامادەیی، بەراورد بە ڕێگایکلاسیکیبۆوانەوتنەوە.

**چوارەم: ڕاسپاردەکان**- جەختکردنیمامۆستایانلەسەرجۆراجۆرکردنیچالاکییەکانیفێرکردن لە ناو ژووریخوێندن، بۆیەکەکانیخوێندن، بە شێوەیەکگونجاوبێتلەگەڵئاستیمەعریفیخوێندکاران، بۆئەوەیهەمووخوێندکارێکبتوانێت سوود لەوچالاکیانە ببینێت، کە گونجاوە لەگەڵئاستیمەعریفییان.

١- کردنەوەیخولیڕاهێنانبۆمامۆستایانیخوێندنەوەی نوێی کوردیلە بەرکاهێنانیستراتیجیەتە نوێیەکان لە وانەوتنەوە، لەوانە ستراتیجیەتی کارتە فڕیووەکانو ڕاگەیاندنیکاریگەری لە پرۆسەیفێرکردن.

**پێنجەم:- پێشنیارەکان**:بۆتەواوکردنیئەوتوێژینەوە، توێژەرئەمانەیپێشنیارکردووە:
ئەنجامدانیتوێژینەوەیهاوشێوە بە بەکارهێنانیستراتیجییەتی کارتە فڕیووەکانلە دەستکەوتیخوێندنەوەی نوێی کوردیبۆقۆناغیخوێندنیدیکە.

٢- ئەنجامدانیتوێژینەوە بە ئامانجیدۆزینەوەیکاریگەریستراتیجیەتی کارتە فڕیووەکانلە گۆڕاویدیکە، وەکو(بیرکردنەوەیداهێنەرانە، بیرکردنەوەیبەڵگەیی، مەیل، پاڵنەری)، ئەنجامدانیتوێژینەوە بۆبەراوردکردن لە نێوانستریتیجیەتی کارتە فڕیووەکانو ستراتیجیەتیدیکە.

**القرآن الكريم**

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکانی**

١-ابراهيم, مجدي عزيز.(٢٠٠٩)*مفاهيم التعليم والتعلم*.عالم الكتب.

٢-ابو الحاج،سهام احمد,وحسن,خليل المصالحة.(٢٠١٦)*.استراتيجيات التعلم النشط انشطة وتطبيقات عملية*.مركز ديبونو لتعليم التفكير.

٣-ابوالحمزاوي,عمر أحمد.(٢٠٠١)*مدخل الى التربية*.دار صنعاءللنشروالتوزيع.

٤-احمد, بيمان جلال. (٢٠١٦). اثر استراتيجية اعواد المثلجات في الاملاء لدى تلميذات الصف الثالث الابتدائي. *مجلة العلوم الحديثة والتراثية, ٤(٣),* ٦١٧-٦٢٣.

٥-احمد, مهاباد عبدالكريم. (٢٠٢٢).اثر استراتيجية التلخيص والتجميع باستخدامحرف (T)كمدخل للتدريس في تحصيل طالبات الصف الخامس العلمي في مادة قواعد اللغة الكردية. *مجلة كلية التربية للعلوم الانسانية,٢(٤٩),* ٤٥٥-٤٧٤.

٦-احمد, مهاباد عبدالكريم. (٢٠٢٣). اثر استراتيجيتي ميردر وهايز في تحصيلطالبات الصف الخامس الادبي في مادة قواعد اللغة الكردية. *مجلة نسق, ١ (٣٩),* ٢٣-٥٠.

٧-إسماعيل, زكريا.(٢٠١٦)*.طرائق تدريس اللغةالعربية*. دارالمعرفة الجامعية.

٨-البياتي,حسين عبيدجبر.(٢٠١٦). *طرائق تدريس التربية الفنية*.دارالمنهجية للنشر والتوزيع.

٩-تونسية،يونس.(٢٠١٢). *تقدير الذات وعلاقته بالتحصيل الدراسي لدىالمراهقين المبصرين والمراهقين المكفوفين دراسة ميدانية بولايتي تيزيوزو والجزائر العاصمة* [رسالة ماجستير غير منشورة]. تيزي وزو.

١٠-جمهورية العراق -وزارة التربية -*المديرية العامة للمناهج* (٢٠١٣م).

١١-الحاج، سها احمد, والمصالحة, حسين خليل. (٢٠١٦). *استراتيجيات التعلم النشط*. مركز ديبونو لتعليم التفكير.

١٢-حميد,حوراء عبد الرزاق.(٢٠٢١).فاعلية اعواد المثلجات في اكتسابالمفاهيم النفسية والفلسفية لدى طالبات الصف الخامس الادبي في مادة الفلسفة وعلم النفس.*مجلة كلية التربية, ١٥* (٤٢),٣٧٣-٣٩٧.

١٣-رزوقي,رعد مهدي,وعاشور, محمد ابراهيم,وعصمان, زينب طعمة.(٢٠١٣).*اساليب تدريس العلوم*(ط.٢).دار الكتب والوثائق للنشر.

١٤-زاير, سعد علي, ويونس, راسم يونس.(٢٠١٦ ).*اللغة العربية مناهجها وطرائق تدريسها*. الدار المنهجية للنشر.

١٥-زيتون,كمال عبدالمجيد.(٢٠٠٧).*النظرية البنائية استراتيجيات تدريس العلوم*.دار الشروق للنشر والتوزيع.

١٦-زيتون،عايش محمود.(٢٠٠٥).*أساليب تدريس العلوم*.دار الشروق للنشروالتوزيع.

١٧-الساعدي,حسن حيالمحيسن,والمياحي, مقدادستار جراد.(٢٠٢١).*المنهج التكاملي مفهومة – نظرياتة –طرائق تدريسة –تحليلة –دليل بنائة*.داراليمامة للطباعة والنشر.

١٨-الساعدي,حسن حيال محيسن.(٢٠٢٠أ).*المعلم الفعال واستراتيجيات ونماذج تدريسه*(ط.٢). دارالشروق للطباعة والنشر.

١٩-السر, دحلان عمر علي,وعبد الجواد،إيادإبراهيم.(٢٠٢١). *استراتيجيات معاصرة في التدريس وتطبيقاتها العملية*. عالم الكتب الحديثة للنشروالتوزيع.

٢٠-سعادة،جودت احمد.(٢٠١٥).*الاستراتيجياتالحديثة في التدريس*.دارالمسيرة للنشروالتوزيع.

٢١-السليتي,فراسمحمود مصطفى.(٢٠١٢).*التفكير الناقدوالابداعي استراتيجية التعلم التعاوني في تدريس المطالعة والنصوص الادبية*.جذر للكتاب العالمي للنشر والتوزيع.

٢٢-سويدان،ممدوح محمد,والزهيري,رائدحميد.(٢٠١٨).*مناهج البحث التربوي*.دارفرحة للنشروالتوزيع.

٢٣-السيد,محموداحمد.(٢٠١٧).*طرائق تدريس اللغة العربية*.مطبعةدمشق.

٢٤-الشربيني, فوزي, والطنطاوي,عفتمصطفى.(٢٠١١).*تطوير المناهج التعليمية*.دار المسيرة للنشر والتوزيع.

٢٥-الصانع،محمدأبراهيم.(٢٠١٨).*البحث العلمي التربوي في إطار التقويم الواقعي*.دار أمجد للنشروالتوزيع.

٢٦-عامر,رياض حامد يوسف.(٢٠٠٦).*طرق التدريس الخاصة باللغة العربية*(ط.٢).عالم الكتب للنشر.

٢٧-عبد الرحمن,أنور حسين,وعدنان, حقي زنكنة. (٢٠٠٧).*الانماط المنهجية وتطبيقاتها في العلوم الانسانية*. عالم الكتب الحديثة للنشروالتوزيع.

٢٨-العبسي, محمد مصطفى.(٢٠١٠).*التقويم الواقعي في العملية التربوية*.دار المسيرة للنشر والتوزيع.

٢٩-عبيد, كوثر جاسم. (٢٠٢١). *اثر التعليم المدمج والتعلم النشط في تحصيل طالبات الصف الخامس الادبي في مادة اللغة والادب الكردي واتجاهاتهن نحوها.مجلةريس, ٤(٨),* ٢-٢٦.

٣٠-العبيدي،هاني إبراهيم شريف.(٢٠١٥).*استراتيجيات حديثة في التدريسوالتقويم*.عالم الكتب الحديثة للنشر.

٣١-العدوان,زيدسليمان, واحمد, داودعيسى.(٢٠١٦).*النظرية البنائية الاجتماعية وتطبيقاتها في التدريس*.مركز ديبونو لتعليم التفكير.

٣٢-عطا,ابراهيم محمد.(٢٠٠٦).*المرجع في تدريس اللغة العربي*(ط.٢). مركز الكتاب للنشر.

٣٣-علي, ژيان عبد الكريم,وامين,فردوس علي.(٢٠٠٩).اثر استعمال خريطة المفاهيم في تحصيل طلبة قسم اللغة الكردية في مادةالقواعد.*مجلة العلوم النفسية والتربوية,*٣٠ (٦٣),٥٢٥-٣٣٥.

٣٤-الكبيسي,كامل ثامر, والكبيسي,ماثلكامل.(٢٠٢٠).*اساسيات الاحصاء التربوي*. دار الوضاح للنشر.

٣٥-المحاسنة,ابراهي محمد, ومهيدات, عبدالحكيمعلي.(٢٠١٣).*القياس والتقويم الصفي*. دار جرير للنشر والتوزيع.

٣٦-مزيود،أحمد.(٢٠٠٩).*أثر التعليم التحضيري على التحصيل الدراسي في مادة الرياضيات*[رسالة ماجستير غيرمنشورة].جامعة بوزريعة.

٣٧-المشهداني،محمد بن برجس مشعل.*(٢٠١٠).أثر استخدام انموذج ويتلي في تدريس الرياضيات على التحصيل الدراسي والاتجاه نحوها لدى تلاميذ الصف السادس الأبتدائي*[اطروحة دكتوراه غير منشورة ].جامعةام القرى.

٣٨-الموسوي,ضياء عزيز محمد.(٢٠٠٥).*اثر التحضيرين العقلي والبعدي في تحصيل طلاب الصف الثاني المتوسط في مادة قواعد اللغة العربية والاحتفاظ بها*[رسالة ماجستير غير منشورة].جامعة بغداد.

**سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکانی**

Tanner,K. D. (2013). Structure matters: Twenty-one teaching strategies to promote student engagement and cultivate classroom equity. CBE—Life Sciences Education, 12(3), 322-331.

Prince, M. (2004). Does active learning work? A review of the research. Journal of Engineering Education, 93(3), 223-231.